هەواڵی ڕۆژنامەوانی بۆ بەروبوومی زستانە
دەرچوو: ئاداری 2018

## ئاستی بەرهەمی گەنم  لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە بە رێژەی 2%.


کۆی بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016-2017 گەیشتە 1,019,481 تۆن و بە بەراوورد بە 1,000,355 تۆن بەرهەمی گەنمی تۆمارکراو لە ساڵی 2012-2013 بە ڕێژەی 2% بەرزبوونەوە پێشان دەدات. لەسەر ئاستی پارێزگاکان, پارێزگای هەولێر 40%، پارێزگای دهۆك 25%، پارێزگای سلێمانی 24%، ئیدارەی گەرمیان 7%، و پارێزگای هەڵەبجە 3% کۆی بەرهەمی گەنمی هەرێمی کوردستانیان پێك هێناوە لە 2016-2017.

## ئاستی بەرهەمی جۆ لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە بەرێژەی 32%

کۆی بەرهەمی جۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016-2017 گەیشتە 90,942 تۆن و بە بەراوورد بە133,031 تۆن بەرهەمی جۆی تۆمارکراو لە ساڵی 2012-2013 بە ڕێژەی 32% نزم نزم بوونەوە پێشان دەدات. لەسەر ئاستی پارێزگاکان, پارێزگای سلێمانی 49%، پارێزگای هەولێر 28%، ئیدارەی گەرمیان 15%،  پارێزگای دهۆك 6%، و پارێزگای هەڵەبجە 1% کۆی بەرهەمی جۆی هەرێمی کوردستانیان پێك هێناوە لە 2016-2017.

## ئاستی بەرهەمی نۆك لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە بەرێژەی 20%

کۆی بەرهەمی نۆك لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016-2017 گەیشتە 2,525 تۆن و بە بەراوورد بە3,156 تۆن بەرهەمی نۆك لە ساڵی 2012-2013 بە ڕێژەی 20%  کەمی کردووە. لە سەر ئاستی پارێزگاکان, پارێزگای دهۆك 38%، پارێزگای سلێمانی 34%، پارێزگای هەولێر 18%, پارێزگای هەڵەبجە 8%، و ئیدارەی گەرمیان 3%  کۆی بەرهەمی نۆکی هەرێمی کوردستانی پێك هێناوە لە 2016-2017. بەبەراورد بە 2012-2013 بەرهەمی نۆك لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك نزم بوونەوە پیشان دەدات بە رێژەی 32%، 48% یەك لە دوای یەك و لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان رێژەی بەرهەمی نۆك بەرز بۆتەوە بە رێژەی 65%، 91 %، 104% یەك لە دوای یەك .




## رووبەری چاندراوی بەروبوومی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە رێژەی 18%زیادی کردووە

لە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی  رووبەری چاندراوی گەنم 2,659,086 دۆنم تۆمار کراوە لە 2016-2017 و بە بەراوورد بە 2,259,673 دۆنم رووبەری چاندراو لە وەرزی زستانی 2012-2013 بەرێژەی 18% زیادی کردووە. لە سەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر 36%، پارێزگای سلێمانی  25%، پارێزگای دهۆك 24%، ئیدارەي گەرمیان 13% و پارێزگای هەلەبجە 2%  کۆی رووبەری چاندراوی گەنمی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە لە 2016-2017.

## ئاستی برشتی بەروبوومی گەنمی دێمی لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە بە ڕێژەی 21%

لە هەرێمی کوردستان تێکرای برشتی گەنمی دێمی گەیشتە 344 کگم/دۆنم لە 2016-2017 کە بە بەراوورد بە وەرزی زستانی 2012-2013 بە بەرێژەی 21% کەمی کردووە بە تێکرای 435کگم/دۆنم. لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێم نزم بوونەوە بەدی دەکرێت لە برشتی گەنمی دێمی بەم شێوەیە: هەولێر بە ڕێژەی 33 %، سلێمانی بە ڕێژەی 23% ، دهۆك بەرێژەی 18% ، ئیدارەی گەرمیان بە ڕێژەی 13% ، و هەلەبجە بە ڕێژەی 2%. لە بەرامبەردا, برشتی گەنمی ئاوی 733 کگم/دۆنم بووە لە 2016-2017.


## ئاستی برشتی بەروبوومی جۆی دێمی لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە بە ڕێژەی 30%

لە هەرێمی کوردستان تێکرای برشتی جۆ گەیشتە 260 کگم/دۆنم لە 2016-2017 کە بە بەراوورد بە وەرزی زستانی 2012-2013 بە بەرێژەی 30% کەمی کردووە بە تێکرای 372 کگم/دۆنم. لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێم نزم بوونەوە بەدی دەکرێت لە برشتی جۆی دێمی بەم شێوەیە: هەولێر بە ڕێژەی 30 %، سلێمانی بە ڕێژەی 20% ، دهۆك بەرێژەی 3% ، ئیدارەی گەرمیان بە ڕێژەی 30% ، و هەلەبجە بە ڕێژەی 15%. لە بەرامبەردا, برشتی جۆی ئاوی 332 کگم/دۆنم تۆمارکراوە لە 2016-2017.

## ئاستی تێچووی یەك دۆنم لە بەروبوومی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 2% کەمی کردووە

کۆی گشتی تێچووی یەك دۆنم بۆ بەروبوومی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی % 2 کەمی کردووە بۆ وەرزی زستانی 2016-2017 کە تێکرای تێچووی نزیکەی 121 هەزار دینار تۆمارکراوە بە بەراورد بە وەرزی زستانی 2012-2013 کە بریتی بووە لە 124 هەزار دینار . لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە بەراورد بە 2012-2013 ، تێچووی گەنم لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان، هەڵەبجە نزم بوونەوە پیشان دەدات بە ڕێژەی 12%، 21%، 10%، 36% یەک لە دوای یەک وە لە پارێزگای دهۆک تێچووی گەنم بەرزبۆتەوە بە ڕێژەی 26%.

## ژمارەی جوتیاران بۆ چاندراوی بەروبوومەکانی وەرزی زستانەی 2016-2017 کەمی کردووە لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 4 %.




بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:
ئیمێل: contact@krso.gov.krd
ماڵپەڕ: www.krso.gov.krd
تەلەفۆن: 009640662559170